




سلاڤۆی ژیژەك

و. وەلید عومەر


# جورئەتی سادەی بڕیاردان

(ئەو شتەی کە پێویستە چەپ لە «تاچەر»ەوە فێری ببێت)

# جورئەتی سادەی بڕیاردان

## (ئەو شتەی کە پێویستە چەپ لە «تاچەر»ەوە فێری ببێت)



سلاڤۆی ژیژەك

و. وەلید عومەر

وینسـتۆن چەرچـڵ لـە دوا لاپــەڕەکانی کتێبــە گرنـگ و لەبیرنەکراوەکەیـدا بەنـاوی (جەنگــی جیهانیــی دووەم)(١)، بــیر لــە لوغــزی بڕیـاردانی سـەربازی دەکاتـەوە: دوای ئـەوەی پسـپۆڕانی(ئابوری، و شـیکەرەوە سـەربازییەکان، دەروونناسـان، کەشناسـان) شـیکردنەوەکەی خۆیـان خسـتەڕوو، ئیـدی ئـەرکی یـەك کەسـە کـە بێتـو بڕیارێـکی سـادە و [هـاوکات] قـورس بـدات، ئەویـش لـەو ڕووەوە کـە ئـەم هەمـووە شـیکردنەوەیە بگۆڕێـت بـۆ «بەڵـێ» یـان «نەخێر»ێـکی سـادە. «دەبێـت پەلاماربدەیـن، دەبێـت دان بـە خۆمانـدا بگریـن...»، ئـەو ژێسـتەی کـە ناتوانێـت هەمـووکات تـەواو عەقـڵانی و لۆژیـکی بێـت، تایبەتـە بـە کـەسی سـەرکردە(٢). ئیـشی کەسـانی شـارەزا ئەوەیـە کـە دۆخەکـە بـە هەمـوو ئاڵۆزییەکانیـەوە پیشـانبدەن، و ئـەرکی سـەرکردەش ئەوەیـە ئـەم ئاڵۆزییانـە لـە بڕیارێکـدا کـورت و سـادەبکاتەوە.

بەتایبــەت لــە قەیرانــە قووڵەکانــدا پێویسـتمان بــە سـەرکردەیەکە. ئیـشی سـەرکردە ئەوەیـە دەسـتبداتە دابەشـکردنێکی ڕەسـەن لەنێـوان ئەوانـەی کـە دەیانەوێـت بگەڕێنـەوە بـۆ نـاو پارامەتـرە کۆنـەکان و ئەوانـەشی کـە ئاگایـان لـە زەروورەتی گۆڕانـە. دابەشـکردنێکی لـەم جـۆرە، نـەك سازشـێکی هەڵپەرسـتانە، تاکـە ڕێگەیـە بـۆ گەیشـتن بـە یەکێتییـەکی ڕاسـتەقینە. دەرفـەت بـدەن بـا نمونەیـەك بێنمـەوە کـە دڵنیـام کێشەسـاز نیـە: فەڕەنسـا لـە سـاڵی ١٩٤٠. تەنانـەت ژاك دوکلـو، کـەسی دووەمـی حیـزبی کۆمۆنیسـتی فەڕەنسـا [ی ئـەوکات]، لـە گفتوگۆیـەکی تایبەتـدا دانی بـەوەدا نـا کـە لـەو برگـە زەمەنییـەدا، ئەگـەر لـە فەڕەنسـا هەڵبـژاردنی ئـازاد بەڕێوەبچوایـە ئـەوا مارشـاڵ پەتـن ٪٩٠ی دەنگـەکانی بەدەسـتدەهێنا. کاتێـك دوگێـل، لـە کردەیـەکی مێژوویـیـدا، دژی مـافی خۆدانەدەسـت(٣) وەسـتایەوە دەرهـەق بـە ئەڵمانـەکان و بەرەنگاریـی نوانـد، بانگەشـەی ئـەوەی کـرد کـە ئـەوە تەنیـا ئەوە(نـەك ڕژێمـی Vichy ) کـە قسـەکەری فەڕەنسـای ڕاستەقینەیە(قسـەکەری ئـەو فەڕەنسـا ڕاسـتەقینەیەی کـە ببـووە ئەمـری واقیـع، نـەك تەنیـا قسـەکەر و دەمڕاسـتی «زۆرینـەی فەڕەنسـییەکان!»). ئـەوەی ئـەو دەیـوت لەقووڵاییـدا درووسـت بـوو، گەرچـی لـەڕووی دیموکراسـیبوونەوە نـەك هـەر شـەرعیەتی نەبـوو بەڵکـو بەئاشـکرا دژی ڕای زۆرینـەی خەڵـکی فەڕەنسـاش بـوو.

مارگرێـت تاچـەر(Margaret Thatcher) ئـەو ژنـەی کـە هەرگیـز پاشەکشـەی لـە قسـەی خـۆی نەدەکـرد، سـەرکردە و فەرماندەرێـکی لـەم جـۆرە بـوو. پێداگریـی لەسـەر بڕیارەکـەی دەکـرد کـە سـەرەتا شـێتانە دەردەکـەوت و پاشـان هێدیهێـدی شـێتییە تاقانەکـەی خـۆی دەگـۆڕی بـۆ نـۆرم و ڕێسـایەك [کـە هەمـوان] قبوڵیاندەکـرد. کاتێـك لەبـارەی گەورەتریـن دەسـکەوتیەوە پرسـیاری لێکـرا، یەکسـەر وەڵامیدایـەوە: «حیـزبی کرێـکاری نوێ»(٤)خـۆ ڕاسـتیدەکرد، سـەرکەوتنەکەی لـەوەدا بـوو کـە تەنانـەت دوژمنـە سیاسـییەکانیشی پرەنسـیپە بنەڕەتییـەکانی سیاسـەتە ئابورییەکـەی ئەویـان قبوڵدەکـرد: سـەرکەوتنی ڕاسـتەقینە، سـەرکەوتن نیـە بەسـەر دوژمنـدا، بەڵکـو سـەرکەوتن ئەوکاتـە ڕوودەدات کـە تەنانـەت خـودی دوژمـن زمانەکـەی تـۆ بەکاردەهێنێـت، بەجۆرێـك کـە ئایدیـا و بیروبـاوەڕەکانی تـۆ بونیـادی کـۆی شـەڕەکە پێکبێنێـت.

ئەمـڕۆ چـی شـتێك لـە میراتەکـەی تاچـەر ماوەتـەوە؟ هەیمەنـەی نیولیـبراڵ بەئاشـکرا ڕوو لـە فەوتـان و هەڵوەشـانەوەیە- ڕەنگـە تاچـەر تاکـە تاچەریسـتی ڕاسـتەقینە بووبێـت، ئـەو هـەر بەڕاسـتی بـڕوای بـە ئایدیـا و بۆچوونـەکانی خـۆی بـوو. بەپێچەوانـەوە، نیولیبراڵیزمەکـەی ئەمـڕۆ، (بـە وتـەی مارکـس) «تەنیـا واهەسـتدەکات بـاوەڕی بـە خۆیـەتی و چـاوەڕوانی ئـەوەشی هەیـە جیهـان باوەڕێـکی لـەم جـۆرەی هەبێـت». بەکورتییەکـەی، ئەمـڕۆ سـەگباوەڕی(٥) بۆتـە مـۆدە. نوکتـە بێزەحمەکـەی ئێرنیسـت لیوبیـچ، واتـە «بـوون یـان نەبـوون» بێننـەوە بـیری خۆتـان: کاتێـك لەبـارەی کەمپـەکانی کاری زۆرەملێـی ئەڵـمان لـە پۆڵەنـدای داگیرکـراوادا پرسـیاری لێکـرا، ئیرنهـارت واتـە ئەفسـەرە نازییەکـە بـەم جـۆرە وەڵامیدایـەوە: «ئێمـە چاودێـری دەکەیـن، و پۆڵەندییەکانیـش کەمـپ دەکەنـەوە».

ئایـا هەمـان شـت سـەبارەت بـە مایەپووچبـوونی کۆمپانیـای ئینرۆن(٦)یـش هـەر ڕاسـت دەرناچێت(هەروەهـا سـەبارەت بـە کـۆی داڕووخانـە داراییـەکانی پـاش ئـەوە) لـە شـوباتی ٢٠٠٢دا کـە شـەرحێکی ئامـاژەدار و شـاراوەیە دەربـارەی کۆمەڵـگای ڕیسـك؟ ئـەو هـەزاران کرێـکار و کارمەنـدەی کـە کار و پاشـەکەوتەکەیان لەدەسـتدا، لەبـەردەم ڕیسـکدا بـوون، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی لەڕاسـتیدا هەڵبژارنێـك لەئـارادا بێـت- ڕیسـك وەك قەدەرێـکی کوێرانـە(٧) دابارییـە سـەریاندا. بـەڵام لـە بەرامبـەردا، بەفیعلـی ئاگایـان لـە چەندوچـونی ڕیسـکەکە بـوو و هەروەهـا توانـای دەسـتێوەردانیان هەبولـە دۆخەکە(بەڕێوەبـەرە بـاڵاکان)، ڕیسـکەکەی خۆیـان بەهـۆی

نەختینەکردنی پشکەکەیانەوە بەر لە مایەپووچبوون گەیاندە ئاستێکی کەم. بۆیە ڕاستە کە ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە هەڵبژاردنی ڕیسکئاسا و سەرکێشانەی گەورەی تیایە، بەڵام هەندێك هەن (وەك بەڕێوەبەرانی واڵ ستریت) کە دەستدەدەنە هەڵبژاردن، و باقییەکەشی(خەڵکە ئاساییەکە کە بارمتە و قەرزەکانیان دەدەنەوە) ڕیسکدەکەن.

یەکێك لە ئاکامە سەیرەکانی داڕووخانی بازاڕە داراییەکان و ئەو هەنگاوانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نران(ئەو بڕە پارە مۆڵانەی کە درایە بانکەکان) زیندووکردنەوەی ئەو شتەیە کە لە بەرهەمەکانی ئاین ڕایند(٨)دا هەیە، ئەو کەسەی کە بەباشی دەتوانێت قسەکەری ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریی ڕادیکاڵ بێت کە لەسەر ئەم درووشمە بنیاتنراوە: «تەماع، شتێکی باشە». فرۆشی کتێبەکەی ئەو بە ناونیشانی (ئەتلەس شانی هەڵتەکاند) دیسان گەیشتۆتەوە بە ڕادەی تەقینەوە [و زۆرفرۆشی]. بەپێی هەندێك ڕاپۆرت پێشوەخت سیناریۆ باسکراوەکەی ناو (ئەتلەس شانی هەڵتەکاند) خەریکە ڕوودەدات-کە بەو پێیە خودی سەرمایەدارە خەلاق و داهێنەرەکانیش دەستدەدەنە مانگرتن-. جۆن کەمپڵ، نوێنەری کۆمایخوازی کۆنگرێس دەڵێت «سەروەتمەندانیش دەستدەدەنە مانگرتن. من لە ئاستێکی بچووکدا، جۆرێك لە نارەزایی دەبینم لەلایەن کەسانێکەوە کە کاردادەهێنن(٩)...ئەوان دەست لە تموح و بەرزەفڕییەکانی خۆیان هەڵدەگرن چونکە دەزانن بەو هۆیەوە سزادەدرێن». پووچی و بێمانایی ئەم کاردانەوەیە لەوەدایە کە تەواو هەڵە لە دۆخەکە تێدەگەن: کۆی پارە مۆڵەکانی یارمەتییەکانی دەوڵەت بۆ دەربازکردنی سیستەمی دارایی، ڕێك دەڕواتە گیرفانی ئەو «غوولە زەبەلاح»انەوە کە لە سیناریۆکەی خاتوو ڕایندا لە کۆتوبەندی چاودێریی دەوڵەت دەربازیان بووە بەڵام لە پلانە «داهێنەرانە«کانی خۆیاندا شکستیانهێنا و بوونەتە هۆی ئەم داڕووخانە داراییە. ئەم غوولە بلیمەتانە داهێنەر نین وا ئێستا بە هانای خەڵکە ئاساییە تەمەڵەوە هاتوون، ئەوە باجدەرە (١٠) ئاساییەکانن کە دێنە هانای «بلیمەتە داهێنەر»ە شکستخواردووەکانەوە.

دیوێکی تری میراتەکەی تاچەر، کە لەلایەن چەپەکانەوە دەدرێتە بەر پەلامار بریتییە لە سەرکردایەتییە «ئۆتۆریتەخواز»ەکەی، غیابی هەستی تەنسیق و هاوتاکردنی دیموکراسییانە. بەڵام لێرەدا شتەکان لەوە ئاڵۆزترن کە دەردەکەون. ئەو نارەزاییە گشتییەی کە لە سەرتاسەری ئەوروپا لەئارادایە، هەڵگری کۆمەڵێك بابەتی هاوبەشن کە ڕێك لەبەر ئەوەی خۆڕسك و شەفافن، جۆرێك لە «ڕێگری ئەپیستمۆلۆژییانە« درووستدەکەن لەسەر ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی درووست لەگەڵ قەیرانەکەی ئێستای سیستەمی سیاسییماندا. ئەم نارەزاییانە بەفیعلی بە نوسخەیەکی عەوامانە و پۆپۆلیزەکراوی سیاسەتی دۆڵۆزی لێکدەدرێتەوە: خەڵکی دەزانن چییان دەوێت، دەتوانن داواکانی خۆیان دیاریبکەن و فۆرمولەی بکەن، بەڵام تەنیا لەڕێگەی دەرگیربوون و چالاکیی بەردەوامی خۆیانەوە. بۆیە پێویستمان بە دیموکراسییەکی بەشدارکارانەی چالاك هەیە، دیموکراسییەکی نوێنەرایەتی نا لەگەڵ ڕیتواڵە ئینتیخابییەکانیدا کە هەر چوارساڵ جارێك دەنگدەرەکان لە خەوی پاسیڤێتی بێنێتەدەر؛ پێویستمان بە خۆ-ڕێکخستنی حەشامات هەیە، نەك حیزبێکی مەرکەزیی لینینی کە سەرکردەیەکی هەیە و هتد.

ئەم ئوستورەیەی خۆ-ڕێکخستنی ڕاستەوخۆ کە بەدەرە لە نوێنەرایەتیی سیاسی دوایین تەڵەیە، قووڵترین وەهمە کە دەبێت داڕووخێت- هەڵبەت دەربازبوون لێی لە هەمووی سەختترە. بەڵێ ڕاستە کە لە هەر پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەدا، هەندێ ساتەوەختی نەشئەبەخشی هاوپشتیی بەکۆمەڵ هەن کە تیایدا هەزاران و بگرە سەدان هەزار کەس بەتەنیشتی یەکترەوە دەست بەسەر شوێنێکدا دەگرن، وەك مەیدانی «التحریر» لە [چەند] ساڵی ڕابردوودا. دیارە هەندێك ساتەوەختی بەشداریی پڕجۆشوخرۆشی دەستەجەمعی هەن کە تیایدا جڤاتە محەلییەکان دیبەیت دەکەن و بڕیاردەدەن، هەندێك ساتی شکۆدار کە خەڵك لەناو جۆرە دۆخێکی نائاسایی بەردەوامدا دەژین، کارەکان بەدەستەوە دەگرن، بەبێ سەرکردەیەك کە ئاراستەیان بکات. بەڵام ئەم دۆخانە بەردەوام نابن، چونکە لێرەدا «ماندوویێتی» فاکتێکی سادەی دەروونناسی نیە، بەڵکو گوتەزایەکی ئۆنتۆلۆژیی کۆمەڵایەتییە.

زۆرینە-لەوانە خودی خۆم- دەیانەوێت ناچالاك بن، پشت بە دامودەزگای کارای دەوڵەت ببەستن کە گەرەنتی دەدات بە

جووڵـەی ئارامـی کـۆی بینـای کۆمەڵایـەتی، بـە جۆرێـك کـە بەئارامییـەوە بتوانـم کارەکـەم بکـەم. واڵتـەر لیپمـەن لـە کتێبـی (بیروڕای گشـتی) (١٩٢٢)دا دەنوسـێت: دەبێـت «چینێـکی تایبـەت» بەسـەر هاوڵاتیانـدا حکومبـکات کـە «بەرژەوەندییـەکانی لـە بەرژەوەندییـە ناوچەیـی و ناوخۆییـەکان تێدەپەڕێـت»: ئـەم چینـی نوخبەیـە دەبێـت وەك ماشـێنێکی زانـین کاربـکات کـە بەسـەر نوقسـانییە سـەرەتاییەکەی دیموکراسـییدا زاڵببێـت، واتـە بەسـەر ئایدیاڵـی نامومکینـی «هاوڵاتیـی هەمووشـتزان»دا سـەرکەوێت. دیموکراسـییەکەمان بـەم جـۆرە کاردەکات، بەهـۆی ڕازیبـوون و ڕەزایـەتی ئێمـەوە: هیـچ تەمومژێـك لـەم قسـەیەی لیپمـەندا نیـە، ئەمـە فاکتێـکی ئاشـکرایە، شـتە سـەیرەکە ئەوەیـە ئێمـە وێـڕای زانینـی ئـەم شـتانە، درێـژە بـە گەمـەی دیموکـراسی دەدەیـن. بەجۆرێـك هەڵسـوکەوت دەکەیـن وەكبڵێـی ئازادیـن و ئازادانـە بڕیاردەدەیـن، بـەڵام بەشـێوەیەکی کرۆکـپ نـەك هـەر قبوڵیدەکەیـن بەڵکـو تەنانـەت خوازیـاری ئەوەشـین فەرمانێـکی نەبینراو(کـە لـە هەنـاوی فۆرمـی ئازادیـی ڕادەبڕینماندا هەڵکۆڵـراوە) پێـمان بڵێـت چـی بکەیـن و چـی نەکەیـن. «خەڵـك دەزانـن چییـان دەوێـت»، نەخێـر نازانـن و ناشـیانەوێت بزانـن. ئـەوان پێویسـتیان بـە نوخبـەی بـاش و گونجـاوە، و لێرەوەیـە سیاسـەتمەدارێکی ڕاسـتەقینە نـەك هـەر نوێنـەری بەرژەوەندییـەکانی خەڵکـە، بەڵکـو لەڕێگـەی ئەوەوەیـە خەڵـك بەئاگادێنەوە«هـەر بەڕاسـتی چییـان دەوێـت».

سـەبارەت بـە خۆ-ڕێکخسـتنی مۆلیکـۆلاری حەشـامات لەبەرامبـەر ئـەو نەزمـە هیرارشـییەدا کـە لەسـەر ڕێبەرێـکی کاریزمـی بنیاتـنراوە سـەرنج لـە نمونەیـەکی ئایرۆنیـی وەك ڤەنزوێـلا بـدەن؛ ئـەو وڵاتـەی کـە زۆرێـك هەبـوون لەبـەر ئـەوە ستایشـیانکرد کـە بـە ئاراسـتەی گەشـەپێدانی جۆرێـك لـە دیموکراسـیی ڕاسـتەوخۆدا هەوڵیدەدا(ئەنجومەنـە محەلییـەکان، تەعاونییـەکان، ئـەو کارگانـەی کـە کرێـکاران هەڵیاندەسـوڕێنن)، هـاوکات ئـەو وڵاتـەی کـە سـەرۆك کۆمارەکـەی «هۆگـۆ چاڤێـز» بـوو کـە سـەرکردەیەکی بەهێـزی کاریزمـی بوو(گەرچـی هـەر لەبنەڕەتـەوە سـەرکردەیەکی وەهـا بـوونی هەبوویێـت!). وەك بڵێـی ڕێسـای گواسـتنەوە(transference(١١)) لـەم مەسـەلەیەدا ئیـشی خـۆی دەکات: بـۆ ئـەوەی ئـەو خەڵکـە «لـە قۆزاخـەی خۆیـان بێنـەدەرێ»، و قۆزاخـەی پاسـیڤێتیی خۆیـان لەبەرامبـەر سیاسـەتی نوێنەرایەتییـدا بشـکێنن و وەك بکـەری سیاسـیی ڕاسـتەوخۆ بێنەنـاوەوە، ئـەوا گەڕانـەوە بـۆ سـەرکردەیەك زەرووره کـە ئـەو ئیمکانەیـان پێدەبەخشـێت خۆیـان لـە زەلکاوەکـە بێننـەدەرێ، شـتێکی هاوشـێوەی بـارۆن مۆنشـهاوزن(baron Munchhausen)(١٢)، سـەرکردەیەك «وەكبڵێـی دەزانێـت» ئـەو خەڵکـە چییـان دەوێـت. لێرەوەیـە کـە بـەم دواییانـە ئـالان بادیـۆ، ئامـاژەی بـەو خاڵـە کـردووە کـە چـۆن تـۆڕە ئاسـۆییەکانی سـەرکردەی کلاسـیك بـە کـەم وەردەگـرن، بـەڵام هـاوکات کۆمەڵێـك فۆرمـی تـازەی سـوڵتە و باڵادەسـتی دادەهێنـن کـە چەندیـن جـار لـە سـەرکردە کلاسـیکەکە بەهێزتـر و تۆکمەتـرە. تێزەکـەی بادیـۆ ئەوەیـە کـە سـوبێکت پێویسـتی بـە سـەرکردە و فەرماندەیەکـە تاکـو خـۆی بباتـە سـەرەوەی ئاسـتی (حەیوانێـکی مرۆیـی-human animalیـەوە و وەفـای بـۆ ڕووداو-حەقیقـەت هەبێـت:

«سـەرکردە، ئـەو کەسـەیە کـە یارمەتیـی تاکـەکان دەدات تاکـو ببنـە سـوبێکت. گـەر دان بـەوەدا بنێـین کـە سـوبێکت لـە گرژیـی نێـوان تـاك(individual ) و گشـتێتی(universality)یەوە سـەردەردێنێت، ئـەوا ئـەوکات ئاشـکرایە تاکەکـەس بـۆ بەرەوپێشـچوونی بـەم ڕێیـەدا و بـوونی بـە سـوبێکت، پێویسـتی بـە نێوانگرێـك و سـەرەنجامیش ئۆتۆریتەیەکـە. دەبێـت پێگـەی سـەرکردە ببووژێنینـەوە. بـە هەڵـەدا ڕۆیشـتووین گـەر پێمانوابێـت دەتوانـین بەبـێ سـەرکردە دەتوانـین شـتێك بکەیـن، نەخـوازەلا لـەڕووی ڕزگاریخوازییـەوە».

بادیـۆ تـرسی لـەوە نیـە ڕۆڵـی زەروریـی سـەرکردە بخاتـە بەرامبـەر حەساسـیەتی «دیموکراسـییانە«مانەوە: «ئـەم ڕۆڵ و کارکـردە سـەرەکییەی سـەرکردە لەگـەڵ فـەزای زاڵـی «دیموکراسـییانە«دا ناگونجێـت، ئـا لێرەوەیـە کـە مـن لەگـەڵ ئـەم فەزایـەدا دەرگـیری شـەڕێکی تـاڵ بوومە(بەهەرحـاڵ دەبێـت هەمووکەسـێك لـە ئایدۆلۆژیـاوە دەسـتپێبکات)».

دەبێـت بوێرانـە و بەبـێ پـەروا پەیـڕەوی لـە پێشـنیارەکەی ئـەو بکەیـن: بـۆ ئـەوەی بەفیعـلی کەسـەکان لـە «خەواڵوویـی دیموکراسییانە«ـی دۆگمایانەیـان بێداربکەینـەوە، ئـەوا هـەر هێنـدە بـەس نیـە متمانـەی کوێرانـە بکـەن بـە فۆرمـە بەدەزگاییکـراوەکانی دیموکراسـیی نوێنەرایـەتی، هێنـدە بـەس نیـە پەنـا بـۆ خۆ-ڕێکخسـتنی ڕاسـتەوخۆ ببـەن: پێویسـتمان بـە سـیمایەکی تـازەی سـەرکردەیە.

دێـرە بەناوبانگـەکانی شـیعری (لەبـەر یـەك شت)ــی ڕامبـۆ بێننـەوە بـیری خۆتـان:
«لێدانی چکۆلەی سەرپەنجەکانت بەسەر تەپڵەوە،
دەنگەکان ئازاددەکات و هارمۆنیەتێکی تازە دەخاتەڕێ.
هەنگاوت [« ئاماژەیە بۆ»] خزمەتی سەربازیی پیاوانی نوێ و نەزمی مارش و مەسیرەکانیان.
ڕوو وەردەگێڕی: عەشقێکی نوێ!
ئاوڕ بۆ دوا دەدەیتەوە: عەشقێکی نوێ!».
لـەم دێڕانـەدا بەموتڵەقـی هیـچ شـتێکی «فاشیسـتی» بـوونی نیـە- پارادۆکـسی بـاڵای دینامیکیـەتی سیاسی ئەمەیـە: دەبێـت سـەرکردەیەك هەبێـت تاکـو کەسـەکان لـە زەلـکاوی مەنـگ و وەسـتاویی خۆیـان بێنێتـەدەرێ و بـەرەو خەبـاتی خۆتێپەڕێنـەر و ڕزگاریخـواز لەپێنـاوی ئازادییـدا ئاراسـتەیان بـکات. ئـەوەی ئەمـڕۆ و لـەم دۆخـەدا پێویسـتمان پێیـەتی، تاچەرێکـە بـۆ چـەپ. سـەرکردەیەك کـە ژێسـتەکەی تاچـەر بـە ئاراسـتەیەکی پێچەوانـەدا دووبارەبکاتـەوە و کـۆی شـانۆی پێشـگرمانەکانی نوخبـە سیاسـییەکانی هەمـوو ئاراسـتە و ئینتیـماکان هەڵگێڕێتـەوە.

**سەرچاوەکان:**


http://www.thesis11.com/Note.aspx?Id=114

http://www.newstatesman.com/politics/politics/2013/04/simple-courage-decision-leftist-tribute-thatcher


**پەراوێز:**

١-ئەم کتێبە کە لە ساڵی ١٩٥٣ بڵاودەبێتەوە، خەڵاتی نۆبڵیش وەردەگرێت.
٢- Master
٣- capitulation
٤- New Labour
٥- cynicism
٦- Enron
٧- blind fate.
٨- Ayn Rand
٩- create jobs…
١٠- taxpayer
١١- لـە دەروونشـیکاریی فرۆیـددا بـەو پرۆسـەیە دەوترێـت کـە کـەسی دەروونشـیکار دەتوانێـت ڕۆڵێـکی دوولایەنـە بگێڕێـت، ڕەنگـە نەخۆشـەکە عاشـقی ببێـت و ڕەنگـە وەك باوکێـکی دڵڕەقیـش ئەزمـوونی بـکات. واتـە نەخۆشـەکە ئەزموونـە شەخسـییەکانی خـۆی دەگوزاێتـەوە بـۆ سـەر دکتـۆری دەروونی و لـە چوارچێـوەی پرۆسـەی چارەسـەرکردندا عەشـق و ڕق و جۆرەهـا پەیوەندیـی تـر دروسـتدەبێت. لێـرەدا بـۆ کـەسی سـەرۆکیش هـەر ڕاسـت دەردەچێـت، ڕەنگـە لـە پرۆسـەی حکومکـردن و فەرماندانـدا لەبـری تـرس، عاشـقی بیـت-و
١٢ [ئەشرافزادەی ئەڵمانیی سەدەی هەژدە].